**ڕاگەیاندنی ژمارە (١)**

**١٠٠ ساڵەی حەسەن زیرەک**

ئەمڕۆ هەینی شەشی پووشپەر ( ٢٦/٦/٢٠٢٠) کاتژمێر ٢١:٣٠ بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاتژمێر ١٩ بە کاتی ناوەندی ئوورووپا، پرۆژەی "١٠٠ ساڵ حەسەن زیرەک" دەست پێدەکات.
لەمڕۆ بەدواوە هەتا ڕۆژی دووشەممە هەشتی سەرماوەزی ساڵی داهاتوو (٢٩/١١/٢٠٢١) هەموو هەفتەیەک لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان و ماڵپەڕ و مێدیای بەشداران لە پرۆژەی ١٠٠ ساڵەی حەسەن زیرەک، بابەتی تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی زیرەک بڵاو دەکرێنەوە.

لە ماوەی دوو مانگی ڕابووردووە تا ئەمڕۆ کۆمەڵێک نووسەر، هونەرمەند، پسپۆڕ لە بواری مۆسیقا، شانۆ، فیلم، دیزاین، فۆتۆگرافی و بواری تر، هەروەها ناوەندی هونەریی، کولتوریی، ژینگە و کۆمەڵایەتی ئەنجوومەنی نووسەران، هونەرمەندان پەیوەست بوون بە پرۆژەی ١٠٠ ساڵەی حەسەن زیرەک و بڕیارە ماوەی ١٨ مانگ لە بواری جیاواز لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هاوکاری یەکتر بن.

پلان و بەرنامەی کەسان و هێندێک لە ناوەندەکان پێشتر ڕوونکراوەتەوە و هەر ئەم ئێوارەیە ڕێکخراوی جیهانی کورد لە ئاڵمان یەکەم ڕاگەیاندنی خۆی لە بازنەی چالاکییەکانی ١٠٠ ساڵەی حەسەن زیرەکدا بڵاو دەکاتەوە. لە پێوەندی لە گەڵ بەرنامەکان کۆمەڵێک ڕێداکسیۆن لە بواری فیلم و ویدیۆ، ڕاگەیاندن، مۆسیقا، شانۆ و بواری تر سازکراون و سازدەکرێن، کە لە کاتی دیاریکراوە بەرنامەکانیان ڕادەگەیندرێن.

پرۆژەی ١٠٠ ساڵەی زیرەک، کراوەیە و هەر کەس و هەر ناوەند و داموزدەزگا، ئاکادێمی، زانستگا، ناوەندی زانستی، هونەریی، ئەنستیتۆ و مێدیا دەتوانن تێکەڵ پڕۆژەکە بن. هەروەها دەرگا بۆ ئیدە و پێشنیار و پرۆژەی هاوشان لە لایەنی هەموو کەسێکەوە، کە خۆی لە ناو پڕۆژەی ١٠٠ ساڵەی زیرەکدا ببینێتەوە، ئاواڵەیە.

بۆ زانیاری وەرگرتن و هاوکاریکردن دەکرێ پێوەندی بە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان، ڕێکخراوی جیهانی کورد و هەروەها ڕێداکسیۆن و کەسەکانی بەرپرسیاری پرۆژەکەوە بگیرێت.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان
هاوینی ٢٠٢٠ ئاڵمان